# کەسێتی و دنیابینیی حەللاج
# لە شیعری کلاسیکی فارسی-دا



**سەبور عەبدولکەریم (شکار)**

گەرچی زۆرێك لە تۆژەرە فارسەکانی مێژووی ئەدەبی فارسی هەوڵدەدەن سەرەتای مێژووی پەیدابوونی ئەدەبیاتی سۆفیگەری بەتایبەتی شیعری سۆفیگەری و عرفانی بۆ سەدەی چوارەمی کۆچی بگێڕنەوەو لەم رووەوە بە پلەی یەکەم کۆمەڵە چوارینەیەك، کە دراونەتە پاڵ عارفی گەورەی ئێرانی ئەبو سەعید ئەبولخەیر دەکەنە بەڵگە[1]، بەڵام ئەوەی، کە بەدەق و بەرهەم سەلماوە ئەوەیە، کە سۆفیگەری لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا لەنێو ئەدەبیاتی ئێرانیدا کاریگەریی قووڵی پەیدا کردووە، بەجۆرێك کە لەگەڵ پەیدابوونی شیعری سۆفیگەریدا، چەند شاعیرێکیش، کە سۆفی و عارف نەبوون، کەم تا زۆر لەگەڵ زمان و زاراوەی سۆفییەکان پێوەندییان پەیداکردووەو بۆ بەکارهێنان لە شیعرەکانیاندا سوودیان لێ بینیوە[2].

بەهەرحاڵ لەدوای ئەو سەردەمەوە شیعری سۆفیگەری لە ئەدەبیاتی فارسیدا پەیدا بووە، بەڵام کۆنترین شاعیری سۆفیی دیارو بەناوبانگ لە ئەدەبیاتی فارسیدا (سەنائی)یە، کە خاوەنی دیوانێکە لە غەزەل و قەسیدە پێکدێن و خاوەنی کتێبی بەناوبانگی (حدیقە الحقیقە)یە، کە یەکێکە لە گرنگترین بەرهەمە ئەدەبییە عرفانییەکان لە ئەدەبی فارسیدا.

.............................................

(1) لەوانە د.عەلی شێخ الاسلامی، بەڵام د.قاسم غنی، پێی وایە ئەو چوارینانە دراونەتە پاڵ ئەبولخەیر بەشێکی دروستکراوە و بەشێکی هی شاعیرانی دواترە و ئەو تەنها یەك دوو چوارینەی هەیە، لەم ڕووەوە بڕوانە: د.قاسم غنی، تاریخ تصوف در اسلام، سەرچاوەی پێشوو، لا 603.

(2) میزگردی ادبیات عرفانی، هەروەها بڕوانە: هەمان سەرچاوە، لا618.




لە دوای سەنائی، شێخ فەریدە دینی عەتتار وەك شاعیرێکی بڵندی عرفانی دەردەکەوێت و مەسنەوییەکانی عەتتار هەمەچەشنەن و لە بەرهەمە گرنگەکانی ئەدەبیاتی سۆفیگەری دێنە ژماردن و یەکێك لە بەناوبانگترین ئەو مەسنەوییانەی (**منطق الطیر**)ەکەیەتی[3].

دواتر مەولانا جەلالەدینی ڕۆمییە،کە خاوەنی (مەسنەوی) بەناوبانگە، کە بەگەورەترین و گشتگیرترین بەرهەمی شیعری سۆفیگەری و عرفانی دادەنرێت و لەو ڕووەوە لە ئاستی ئەنسکلۆپیدیادایە.

لەپاش مەولانا تا سەرەتاکانی سەدەی هەشتەم گەورەترین و بەبڕشترین شاعیری سۆفیگەری و عرفانی، شێخ مەحمودی شەبستەرییە، کە (گلشن راز)ەکەی، یەکێك لە جوانترین بەرهەمە شیعرییە عرفانییەکانە لە ئەدەبیاتی فارسیدا.

جگە لەم لوتکانە چەندین شاعیری عرفانیی گەورە لە ئەدەبیاتی فارسیدا هەڵکەوتوون و زیادەڕۆیی نییە گەر بوترێت، لەسەر ئاستی جیهانیی ئەدەبیاتی عرفانی فارسی لە لوتکەدایەو هاوکات عرفانیش ئەدەبیاتی فارسی بەرەو لوتکە هەرە یەکەمینەکانی ئەدەبیاتی جیهانی بردووە، چونکە دەکرێ بڵێین ئەو ڕۆحانیەت و بڵند بوونەوەی ڕۆح و عرفانی بوون و هەمیشە زیندوویەتی، لە وەرگرتن و هەرسکردنی حاڵ و دنیابینینەکانی سۆفی و عارفە گەورەکاندا بەدەستهێناوە، کە حەللاجیش یەکێکە لە یەکەمین دیارترینەکانیان.

**سەنایی و حەللاج**

سەنایی، وەك شاعیرێکی عرفانی پایەبڵند، کە پێی وایە کەماڵی مرۆڤ لەوەدایە، مرۆڤ لە سیفاتە کەموکورتە مرۆییەکان فەنابێت و بەمانەوە (بقا) لەگەڵ خوا بگات و وەرگرتنی سیفاتە خواییەکان ژیانی جاویدانی بۆ بەدەست دەهێنن، ئەویش ناتوانێ لەو بڵندییەدا سیمای حەللاج نەبینێ و خۆی لە باس و خواستی ببوێرێ، بۆیە کە سەردەخاتە نێو دەریای بێ بنی عیشق و خواناسی و زانستی (من لدنی)یەوە حەللاج لە نێویدا دەبینێ:

این همە علم جسم مختصرا ست علم رفتن بەراە حق دگرست[4].

(ئەمە هەمووی زانستی کورتکراوەی لەشە، زانستی چوون بۆ ڕێی حەق (خوا) ڕێگەیەکی دیکەیە)

چیست این راە رانشان ودلیل این نشان از کلیم پرس و خلیل

(نیشانەو دەلیلی ئەم ڕێگایە چییە؟ بۆ زانینی ئەم ئاماژەو نیشانانە لە موسا، کە ڕۆشنایی حەقی لە دۆڵی ئەیمەن بینی و لەگەڵ خوا گفتوگۆی کردو لە ئیبراهیم بپرسە کە بووە هاودەمی خواو ئاگری بۆ کردە گوڵشەن).

درتن تو چونفس تو بگداخت دل بتدریج کار خویش بساخت

(لە لەشی تۆدا کە گیانت توایەوە، تا (دڵ) وردە وردە کاری خۆی کرد).

در درون تو نفس دل گردد زان همە کردەها خجل گرد د

(لەناختدا (نەفس) دەگۆڕێت بە (دڵ)، بەوەش لەهەموو کردارەکان شەرمەزار دەبێ).

پس زبانی کە راز **مطلق** گفت بود حلاج کو (انا الحق) گفت

(تا دوای ئەوە زمانێك، ڕازو نهێنیی حەقی ڕەهای (**مطلق**-خوا) وت و بووە حەللاج کە (أنا الحق)ی دەربڕی).

راز خود چون زروی داد بە پشت راز جلاد گشت واو را کشت

......................................

(3) هەمان سەرچاوە، لا 619. هەروەها میزگردی ادبیات عرفانی، لا4.

(4) سنایی، حدیقە الحقیقە، چاپ سوم، انتشارات دانشگاە تهران،1368ە.ش، لا113.


مەزارگەی عەتتار

(چونکە رازو نهێنی خۆی لە رووەوە خستە سەرپشت
واتە رازی دەرخست، راز بوو بەجەللادو ئەوی کوشت)·
روز رازش چوشب نمای آمد نطق أوگفته وخدای آمد
(رۆژی رازی چونکە شەوی دەرخست، گوتاری ئەو بوو بەوتەی خودا)·
راز چون کرد ناگهانی فاش بي اجازت میانه أوباش
(چونکە کتوپڕو بێ مۆڵەت وەرگرتن لەو (خوا) ئەو رازە بەنرخەی لەنێو کەسانی تێنەگەیشتوودا ئاشکرا کرد)
صورت أو نصیب دار أمد سیرت او نصیب یار آمد
(لەسێدارەدان بەشی رواڵەتو لەشی بوو، بەڵام ژیانی ئەو گەیشتن بەیار (خوا) بەشی بوو)·

وادەزانین ئەم شیعرەی (سەنایی) کورتکراوەی چیرۆکی ئەزموونی رۆحیانەی حەللاجەو هاوکات دەربڕی پوختەی تێڕوانینی (سەنایی)شە لەبارەی حەللاجەوە، ئەویش وەك زۆرینەی سۆفی و عارفەکان رای وایە، کە نەدەبوو حەللاج ئەو رازە گەورەیەی نێوان خۆی و خوا بخاتە بەردەستی خەڵکی عەوام و جەلادەکان و ئەویش هەمان باوەڕی هەیە، کە کوشتنی حەللاج گەرچی جەللادان کردوویانە، بەڵام سزایەکی خواش بووە بۆی لە بەرامبەر ئاشکراکردنی رازی یار (خوا)دا·

**عەتتار و حەللاج**

فەریدەدینی عەتتار، جگە لەوەی وەك زۆرێك لە شاعیرە عارفە ئێرانییەکان لەمیانەی شیعرە عرفانییەکانیدا و لەگەڵ گەیشتنی بە حاڵ و مەقامە سۆفیگەری و عرفانییەکاندا باسی حەللاجی کردووە، هاوکات لەوان جیادەبێتەوە، کە سەرجەمی دیوانێك بەناوی (هلاج نامە) یان (هیلاجنامە)وەوەی هەیە، کە زۆرێکی بۆ باسی حەللاج تەرخانکراوە·

عەتتار لە (**منطق الطیر**)[5] وەکەیدا لەبارەی حەللاجەوە دەڵێت:

چون شد أن حلاج بردار أن زمان جز (أنا الحق) می نرفتش بر زبان
(حەللاج کە لەو سەردەمەدا درا لەدار، جگە لە (أنا الحق) هیچی نەدەهات بەزاردا)·
چون زبان أو همی نشناختند چاردست و پای أوانداختند
(لەبەر ئەوەی زمانی ئەویان نەدەناسی، هەر چوار پەلی ئەویان بڕی)·
زرد شد چون خون بریخت از وی بسی سرخ کی ماند درین حالت کسی
(هێندە خوێنی لەبەر رۆیشت زەرد هەڵگەڕا، لە بارێکی وادا چ کەسێك سووری دەمێنێ)
زود در مالید آن خورشید و ماه دست بریده بەروی همچوماه
(ئەو خۆرو مانگە بەزوویی دەستە براوەکەی بەروومەتی وەك مانگیدا سووی)
گفت چون گلگونەو مردست خون روی خود گلگونه بر کردم کنون
(گوتی ئاوی مەردان بریتییە لە خوێن، بۆیە ئێستا رووی خۆم خوێناوی کرد)
تا نباشم زرد در چشم کسی سرخ رویی باشدم اینجا بسی
(تا لەبەر چاوی کەسدا بەزەردی نەبینرێم، لێرەدا من زۆر روو سوور بم)

.................................................

(5) فریدالدین **عطار**، دیوان اشعار، بەتصحیح سعید نفیسی، انتشارات سنایی، بلا تاریخ، لا127·
(6) فریدالدین **عطار** ، **منطق الطیر**، چاپ هفتم، انتشارات علمی و فرهنگی، تهران، 1370ه·ش ،لا209·

وادەزانین عەتتار لەم شیعرەدا دوا دیمەنی ژیانی حەللاج باس دەکات و هاوکات هەڵوێستەکانی حەللاج لەو دوا ساتانەیدا بەدیار دەخات، کە پاش لەداردانی، جگە لە وتنی (أنا الحق) هیچی نەدەگوت و پاش برینی دەستەکانی وتی: لە عیشقدا دوو ڕەکات نوێژ هەیە، کە دەستنوێژەکەی تەنها بە خوێن دەبێت و دواتر قۆڵی ڕاستی براوی خوێناوی هێنا بەرووومەتیاو وتی: بەهۆی زۆر خوێن لەبەر ڕۆیشتنەوە ڕەنگم زەرد هەڵگەڕاوە، بۆیە بە قۆڵە خوێناویەکەم ڕووم سوور دەکەم تا نەڵێن ترساوە لە مەرگ.

هەروەها وادەزانین دنیابینیی حەللاج لە شیعری عەتتاردا زۆرە، لەوانە:

نی صفت گشتم، نگشتم بی صفت عارفم اما ندارم معرفت[6]

(سیفەتی شمشاڵم وەرگرت و بێ وەفاو سیفەت نەبووم، عارفم بەڵام ماریفەت -ئەرکی خواناسی-م نییە).

من ندانم، تو منی یامن تویی محو گشتم در توو گم شد دویی

(من نازانم، تۆمنی یامن تۆم،سڕامەوە و نەمام لەنێوتۆداو (دوو)یەتی ون بوو)

کە عەتتار دەڵێ، من نازانم تۆ منی یان من تۆم، واتە نە سیفەتی مرۆڤانەم ماوەو نە سیفاتی خواییانەم بەو گەورەییە وەرگرتووە، بۆیە نازانم (من) منم یان تۆ منت سڕیوەتەوەو تەنها تۆ هەیت و منیش بوونم نەماوەو بوومەتە تۆ، ئەمەش هەمان یەکێتی (اتحاد)ی حەللاجە، کە ئاماژەمان لە چەندین شوێندا پێکردووە.

عەتتار هەر بەوەوە ناوەستێ، بەڵکو خۆی و حەللاج پێکەوە دادەنێت و هاوکات حەللاج وەك مەنسور (سەرکەوتوو) دەبینێ، کە وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، جیاوازییەکی دیاری شاعیرە فارسەکان لەگەڵ شاعیرە عەرەبەکان ئەوەیە، کە ئەمان زیاتر (مەنسور) بەکار دەهێنن، لەبری (حەللاج)، کە عەرەبەکان زیاتر بەکاری دەهێنن، چونکە شاعیرە عارفە فارسەکان (مەنسور) بەواتای (سەرکەوتوو) بەکار دەهێنن[7]

عەتتاریش لەم ڕوانگەوەیە، دەڵێت:

همچو این **عطار** بس مشهور گشت همچو **آن** حلاج بس منصور شد[8]

(وەکو عەتتار زۆر بەناوبانگ بوو، وەکو حەللاج زۆر بەمەنسور (سەرکەوتوو، چووە سەردار) بوو).

**مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی و حەللاج**

جەلالەدینی ڕۆمی، کە نەك شاعیرێکی عرفانیی گەورەی جیهانە، بەڵکو عارفێکی گەورەو خاوەنی تەریقەتێکی دیارە، کە لەسەر بنەمای (عیشق) دامەزراوەو دوای خۆی بە تەریقەتی (مەولەوی) ناوبانگی پەیدا کردووە، ئەویش بەدڵنیاییەوە عاشقێکی گەورەی خوایی وەك حەللاج بە قووڵی دەناسێ. مەولانا، کە ڕێی عاشقانی گرتووەتە بەر، ئەویش وەك حەللاج داوای کوشتنی دەکات:

عاشقان راهر زمانی مردنی ست مردن عشاق، خود یك نوع نیست[9]

(لەهەر ساتێکا عاشقان مردنێکیان هەیە، مردنی عاشقان یەك جۆر نییە)

او دو صد جان دارد از جان هدی وان دو صد رامی کند هردم فدی

(ئەو دوو سەد گیانی هەیە لە گیانی ڕێنماییدا، هەر ساتێکش ئەم دوو سەد گیانە دەکات بەفیدا)

آز مودم مرگ من در زندگی ست چون رهم زین زندگی، پایندگی است

(ئەزموونم کردووە کە مردنی من لە ژیان دایە، کەواتە ئەگەر لەم ژیانە ڕزگارم ببێ ئیتر هەر دەمێنمەوەو مردنم بەسەردا نایەت).

(اقتلونی اقتلونی یا **ثقات** ان ڧ قتلی حیاتاً ڧ حیات) [10]

(بمکوژن ئەی متمانە پێکراوەکانم بمکوژن، لە کوشتنمدا ژیان هەیە لە نێو ژیاندا)

یا منیر الخد یاروح البقا **اجتذب** روحی وجد، لی باللقا

.........................................

(7) بڕوانە: 4-1-2-1.

(8) فرید الدین عطار، دیوان اشعار، سەرچاوەی پێشوو، لا 317.

(9) جلالدین مولوی، مثنوي، دفترسوم، به اهتمام نیكلسون، انتشارات امیر، تهران، 1370هـ.ش، لا966.

(10) ئەمە شیعرێکی بەناوبانگی حەللاجە، بڕوانە: دیوان الحلاج، سەرچاوەی پێشوو، لا 29.

(ئەی ڕووخسار ڕۆشن، ئەی گیانی جاویدانی، ڕۆحم بۆ لای خۆت کێش بکە، بەخشندەیی بکە بە من بە نیشاندانی دیدارت)

چونکە عاشق تو بەکرد، اکنون بترس  کوچو عیاران کند، بردار، درس

(ئەگەر عاشق تەوبەی کرد ئەوکات بترسە، چونکە ئەو وەك جوامێران لە (خود)ی خۆی چاو دەپۆشێ و بەسەر دارەوە وانەی عیشق دەدات)

هەروەها مەولانا لە (فیە مافیە)کەیدا دەڵێت: ((خەڵکی وا گومان دەبەن، ئەو (أنا الحق) گوتنەی حەللاج، بانگەشەی خۆبەگەورە زانینە، (أنا الحق) گەورەترین خاکی بوون (تواضع)ە، چونکە ئەوەی، کە دەڵێت، من بەندەی خوام دوو هەبوو دەسەلمێنێ یەکێك خودو یەکێك خودا، (أنا الحق) پێمان دەڵێت، خود مەهێڵەو بیدە بەباداو (أنا الحق) واتە من نیم، تەنها ئەو هەیە، جگە لە خودا هەبوویەکی تر نییە، من بە تەواوی نەبوو (عدم)یەکم. هیچ خاکی بوون (تواضع)ێك لەمە زیاتر هەیە، ئەمەیە، کە خەڵکی لێی ناگەن)[11].

ئەم بیرەشی لە (مثنوی)داو لە ڕێگەی بەراوردکردنی فیرعەون بە حەللاجەوە زیاتر ڕوون دەکاتەوە:-

گفت فرعونی انا الحق گشت پست  گفت منصوری أنا الحق و برست

(فیرعەونێك وتی (أنا الحق) -کە ئاماژەیە بە وتەی (من خوا هەرە گەورەکەتانم- أنا ربکم الاعلی)[12]ی فیرعەون-و بەرەو نشێوی و نوغرۆ بوون چوو، مەنسورێك- بڵند بووەوەو (سەرکەوتوویەك- وتی (أنا الحق)و بردیەوە)

أن أنا را لعنه الله در عقب  وین انا را رحمه الله ای محب

(ئەو منە -منیەتی فیرعەون- خەشمی خوای بەدوادا هات، ئەم منە -منیەتی حەللاج- ئەی خۆشەویست میهرەبانی خوای بەدوادا هات)

زانکه أو سنگ سیه بد، این عقیق  أن عدو نور بود واین عشیق

(لەبەر ئەوەی ئەو (فیرعەون) بەردێکی ڕەشی خراپ بوو، ئەمیش (حەللاج) بەردێکی گەوهەر بوو، ئەو دوژمنی ڕۆشناییبوو، ئەمیش عاشقی ڕۆشنایی)

این أنا هو بود در سرای فضول  زاتحاد نور، نزراه حلول

(ئەو (من)ە ئەو (خوا) بوو لە ڕازدا ئەی خۆ هەڵقورتێن (فضول)، لە یەکێتی (اتحاد) ڕۆشنایی بوو، نەك لە (حلول)ەوە).

مەولانا لێرەدا لە ڕێگەی بەراوردکردنی دوو دیمەنی (من خوام)ی فیرعەون و (أنا الحق)ی حەللاجەوە پوختەی دنیابینیی حەللاج ڕۆشن دەکاتەوە، هەر بەوەشەوە ناوەستێ، بەڵکو دواجار تۆمەتی (حلول) لە حەللاج دوور دەخاتەوەو ڕوونی دەکاتەوە، کە ئەو لە هەستی یەکێتی (اتحاد) لەگەڵ خواوە وای گوتووە.

هەر لێرەدا دەمانەوێ بڵێین، هێندەی ئاگاداری ئێمە، مەولانا زیاتر لە شاعیرە عرفانییە گەورەکانی تری فارس کاریگەریی حەللاج یان بڵێین هاومەشرەب بوون لەگەڵ حەللاجی پێوە دەبینرێ.

### شەبستەری و حەللاج

شێخ مەحمودی شەبستەری، خاوەنی بەرهەمی عرفانیی بەناوبانگ (گلشن راز) ئەویش وەك عارف و شاعیرێکی عرفانیی گەورە بێئاگا نەبووە لە دنیابینیی حەللاج، ئەویش بەشێکی دیاری گوڵشەنی شیعرەکانی و گەشتی بە نێو ڕازە گەورەکانی بوون و خواناسیندا بۆ باسکردنی حەللاج تەرخان کردووە:

(أنا الحق) کشف اسرار است مطلق  جزا ز حق کیست تا گوید (أنا الحق)[13]

(أنا الحق دەرخستنی ڕەهای ڕازەکانە، جگە لە حەق (خوا) کێ هەیە تا بڵێ (أنا الحق)

همه ذرات عالم همچو منصور  توخواهی مست گیرو خواه مخمور

(هەموو گەردیلەکانی جیهان وەکو مەنسور، چ بەمەستیان بزانی و یان بەمەخمور)

دار این تسبیح و تهلیلند دائم  بدین معنی همی باشند قایم

.....................................

(11) جلالدین مولوی، فیە مافیە، چاپ پنجم، انتشارات امیر، تهران 1362ه.ش، لا 44-43.

(12) سورەتی (النازعات)، ئایەتی (24).

(13) شیخ محمود شبستری، گشن راز، چاپ اول، سنندج، 1369ه.ش، لا 14.

(هەمیشە ئەوان پاکی و بێگەردی بۆ خوا (تسبیح) دەڵێن و جگە لە خوا کەس نییە (تهلیل) دەکەن، بەمەوە ئەوان مانیان دەمێنێ)

چوکردی خویشتن را پنبەکاری     توهم حلاج وار این دم بر أری

(ئەگەر تۆش خودی خۆت هەلاجی بکەیت وەك حەللاج، تۆش وەکو حەللاج دەمت بە (أنا الحق) دەکرێتەوە)

بر آورپنبە پندارت از گوش     ندای واحد القهار بنیوش

(لۆکەی گومان لە گوێت دەربهێنە، دەنگی تەنهای دەسەڵاتدار ببیستە).

درا در وادی ایمن کە ناگاە     در ختی گویدت (انی أنا الله)

(وەرە نێو دۆڵی ئەیمەن کتوپڕ درەختێك پێت دەڵێت من خودام (أنا الله)، ئەمە ئاماژەیە بە چیرۆکی موسا پێغەمبەر)[14]

روا هست (أنا الحق) از درختی     چرا نبود روا از نیك بختی

(ڕەوایە لە درەختێکەوە (أنا الحق) بێتە دەر، بۆچی ڕەوا نییە، ئەوە بێتە دەر لەبەخت باشێکی وەك حەللاجەوە)

لێرەدا شەبستەری جگە لەوەی جەخت لەوە دەکاتەوە، لەسەر ئەوەی (أنا الحق)ی حەللاج جیلوەیەکی خوا بووەو وتەی حەللاج خۆی نەبووە. هاوکات ئەوەش تێیدا دەردەکەوێت، کە شەبستەری نازناوی حەللاج لەوەوە دەبینێت، کە (خود)ی خۆی شیکردۆتەوەو هەلاجی کردووە، نەك ئەوەی تەنها پیشەی هەلاجی بووبێت، هەروەك ئەم بیرەی درێژ دەبێتەوە بۆ باسی (لۆکە) وەك ئەوەی پێمان دەڵێ: لۆکەی گومان لە گوێت دەربهێنە. بەگشتی شەبستەری لێرەدا جگە لە ئەستۆ پاکی (براءة ذمة) دان بەحەللاج و شیکردنەوەی دنیابینییەکەی، هاوکات بە تۆ (ئێمە) دەڵێت ئەگەر تۆش وەك حەللاج خۆت هەلاجی بکەیت، ئەوا جیلوەی (أنا الحق)ی خوا لە تۆدا دەردەکەوێت، وەك ئەوەی ئەو حەقیقەتە گەورەی عرفانمان بەیاد بهێنێتەوە، کە ئەوە خوایە ئێمە بانگ دەکات و بڵندمان دەکاتەوە، نەك خۆمان پێیەکانمان بڵند بکەینەوە بۆ بڵندبوونەوە.

هاوکات شەبستەری وەك حەللاج پێی وایە، کوفرو ئیمان هەر دووکیان پێویستی و هاوەڵی یەکترن و لای خوا وەك یەکن، بەڵام لای ئێمە جیاوازن، لە هەر شوێنێك کوفر نەبێت، ئیمانیش نییە و هەموو ئیمانێك کوفرێکی لەگەڵدایە،[15] لەم ڕووەوە شەبستەری دەڵێت:-

کفرو ایمان قرین یکدگرند     هر کە را کفر نیست، ایمان نیست[16]

(کوفرو ئیمان هاوەڵی یەکترن، هەر کەسێك کوفری نەبێت، ئیمانیشی نییە)[17]

هەروەها شەبستەریش وەك حەللاج، داوای (هەڵگرتنی منیەتی) دەکات، چونکە بەقووڵی بەوە گەیشتووە، کە تا (من)یەتی بمێنێ، حەقیقەتی جیلوەی خوا دەرناکەوێت، چونکە (من)یەتی پەردەیە لەبەردەم ئەوەدا:

تا توپیدایی خدا باشد نهان     تو نهان شو تاکە حق گردد عیان[18]

(تا تۆ دیار بیت، خودا پەنهانە، تۆ خۆت پەنهان بکە، تاحەق (خوا) دەربکەوێت).

چون برافتد از جمال او نقاب     از پس هرذرە تا بد آفتاب

(چونکە پەردە لەسەر جوانیی ئەو لادرێ لە پشتی هەر گەردیلەیەك خۆر ئەدرەوشێتەوە)

**محەمەد شیرین مەغربی و حەللاج**

محەمەد شیرین مەغربی، یەکێکە لە گەورەترین شاعیرانی سۆفیگەری و عرفانی ئێران، لە نیوەی دووەمی سەدەی هەشتەمی کۆچیدا. شیعری مەغربی زیاتر بە بیری یەکێتی بوون (وحدە الوجود) ناسراوەو شیعرەکانی لە ئەدەبیاتی

.............................

(14) سورەتی (القصص)، ئایەتی (30).

(15) بۆ زانینی چەمکەکانی کوفر و ئیمان لای حەللاج بروانە: 1-3-2-2-1.

(16) شبستری، گلشن راز، سەرچاوەی پێشوو، لا 153.

(17) ئەکرێ ئەمەش ئاماژە بێت بە (لا إله إلا الله) بەمانا قووڵەکەی، کە تۆ ئەبێ کافر بی بە خواکان و پەرستراوەکانی تر، ئینجا باوەڕت بە خوا (الله) دادەمەزرێ.

(18) ساسان رحمانی، تصوف و تجلی اندیشە ای حلاج در ادب فارسی، دانشگاە ازاداسلامی، سنندج، 1378، لا244، ئەویش لەکتێبی (اسرار الشهود)ی محمد شیرین مغربی، لا315 وەرگرتووە.

فارسیدا بە دەربرو ڕاڤەکەری فەلسەفەی ئیبن عەرەبی دادەنرێت.[19] وادەزانین مەغربی وەك حەللاج سەیری دوالیزمەی (کوفرو ئیمان)دەکات[20] و پێی وایە خودی سەرقاڵبوون بە مەسەلەی کوفر و ئیمانەوە پەردەیە لەبەردەم ناسینی خوادا:

چون بەحق پوشیدە گردی أن گهی کافر شوی
چون شوی کافر ز ایمان أن زمان یا بی خبر
(کاتێك لە حەق (خوا) داپۆشرایت ئەوکاتە کافر دەبی، کەواتە چۆن لە ئیمانەوە ئەوکاتە کافر دەبیت ئەی بێئاگا).
ای کە در بند قبول خاص وعامی روز وشب
کفر وایمان را رهاکن نام این معنی مبر
(ئەی ئەو کەسەی بەڕۆژو شەو گیرۆدەی ڕازیکردنی خەڵکی (خاس و عامیان) دەست لە باسی کوفرو ئیمان هەڵگرەو ناوی مەبە)

کفر وایمان چون حجاب راه حقند ای پسر
روبەسان مغربی از کفرو ایمان در گذر
(کورە! کوفرو ئیمان چونکە کۆسپی ڕێگای حەقن (خوان)، بڕۆ وەکو مەغربی لە کوفرو ئیمان تێپەڕە).
هەروەها مەغربی وەك حەللاج هەست بە نەبوونی خۆی (فەنابوون)و تەنها هەبوونی خوا دەکات:

ز چشم من همە اکنون توئی کە می بینی
زعقل من همە اکنون توئی کە می دانی[21]
(ئەوە تەنها و هەموو تۆیت کە لەچاوی منەوە دەبینی، ئەوە تەنهاو هەموو تۆیت لە عەقڵی منەوە دەزانیت)
زمغربی مشنو بعد از این اگرشنوی
ازوندای انا الحق و قول سبحانی
(ئیتر لە مەغربییەوە شت مەبیستە، ئەگەر بیستت ئەوە لەو (خوا)ەوەیە، کە (أنا الحق)و (سبحانی) دەوترێ، کە ئاماژەیە بەدوو وتە بەناوبانگەکەی حەللاج و بایەزید). دواجار مەغربی، کە داوای نەبیستنی دەنگی خۆی لە ئێمە و بیستنی دەنگی خوا دەکات، پێی وایە ئەوە سەرخەر (ناصر) واتە خوایە، کە سەرخراویان سەرکەوتوو (منسور-واتە حەللاج)ی والێکردووە بڵێ (أنا الحق)، بۆیە تۆ گوێ لە سەرخەر (خوا) بگرە نەك لە سەرخراو (منسور):-

ناصر منصور می گوید أنا الحق المبین
بشنو از ناصر کە أن گفتار از منصور نیست[22]
(سەرخەری (خوا)ی سەرخراو (مەنسور)ە کە دەڵێت (أنا الحق)، لە سەرخەر (خوا) ببیستە، ئەو وتەی، کە هی سەرخراو (مەنسور) نییە)

**شا نیعمەتوڵلای وەلی و حەللاج**

شانیعمەتوڵلای وەلی لە سەرەتای سەدەی هەشتەمی کۆچیدا، وەك شێخ و عارفێکی سەردەمی تەیموری لە ئێراندا و وەك سوڵتانی سۆفییەکانی ئەو سەردەمە ناسراوەو ئەو بەڕابەری یەکێك لە تەریقەتە سۆفییەکان، کە بە (نیعمەت

.................................

(19) شهریار محمدی، بررسی **شطح وطامات** در عرفان وادب صوفیە تا اوائل قرن نهم هـ.ق، دانشگاە ازاد اسلامی، سنندج، 1377، لا297.
(20) بڕوانە: 1-3-2-2-1.
(21) شهریاری محمدی، سەرچاوەی پێشوو، لا 306.
(22) هەمان سەرچاوە، لا306، لێرەدا بە پێویستی دەزانین ڕوونی بکەینەوە کە شیعرەکان بە تێکەڵی لەو سەرچاوەدا هاتوون خۆمان جیامانکردوونەتەوە و لێکدانەوەمان بۆ کردوون.


سەعدی شیرازی

ئیلاهی) ناسراون دادەنرێت. شا نیعمەتوڵڵای وەلی بە شاعیرێکی عرفانی گەورە دادەنرێت و دیوانە شیعرییەکەی، بەیەکێك لە دیوانە شیعرییە عرفانییە بڵندەکان دادەنرێت[23].

حەللاج لە شیعرەکانی شا نیعمەتوڵڵای وەلیدا ئامادەییەکی بەرچاوی، چ وەك کەسێتی و چ وەك دنیابینی هەیە.

بیری یەکێتی (اتحاد)ی وەك دنیابینیی حەللاج، کە لە چرکەساتێکی بڵندبوونەوەی عرفانیدا نازانێ (من) منە یان (من) (تۆیە)[24]، لای شاعیر دەبینرێ:

گاه محمودم گهی باشم أیاز
گاه نازی می کنم گاهی نیاز[25]

(جارێك مەحمودم- سوڵتان و خوایانەم- و جارێك هەیاس و بەردەستی سوڵتان، جارێك نازی وەرگرتنی سیفاتی خوایانە دەکەم و جارێك نیازو پێویستی بەندایەتیم هەیە)

عاشق و معشوق و عشقم گاه گاه
این چنین فرمود محبوب اله

(جار جار عاشق و معشوق و عەشقم پێکەوە، وای فەرموو خۆشەویستی خوا)

در دل خود دلبر خود را بجو　　　کام جان خویشتن آنجا بجو
(لە دڵی خۆتدا بۆ دولبەری خۆت بگەڕێ،　　　بەختەوەری گیانت لەوێدا بۆی بگەڕێ).

هاوکات ناوی حەللاج و (أنا الحق)ەکەی، لە دیوانەکەیدا زۆر جار دووبارە دەبێتەوە:

کشته عشق تو چون از توبقامی یا بد　　　همچو منصور بقا دار فنا چکند[26]
(کوژراوی عەشقی تۆ، چونکە لە تۆ مانەوە (بەقا) پەیدا دەکات، وەکو مەنسوری ماوە (بەقا) بەتۆ، لەمماڵی فەنا (دونیا)دا چی بکات)

منم أن رند عاشق مطلق　　　که انا الحق همی زنم برحق[27]
(منم ئەو رەند-رەند واتە کەسێکی یاخی لە هەموو دابونەریتێکی باو-ەی، کە عاشقی ڕەها (خوا)م، بەحەق ئەم هەموو (أنا الحق)ە دەڵێم)

**سەعدی شیرازی و حەللاج**

گەرچی سەعدی شیرازی سۆفی و شوێنکەوتووی تەریقەت نەبووە، بەڵکو زیاتر شاعیرێکە، کە لە شیعرە غەزەلەکانیدا زیاتر عیشق و ئەخلاق و کەمتر عرفان ڕەنگی داوەتەوە. بەڵام شیعرە عرفانییەکانی لە ئاستێکی بڵندان و لە نێو ئەو

....................................
(23) بڕوانە: د.محمد معین، فرهنگی فارسی، چاپ نوزدهم، انتشارات امیر، تهران، 1381، لا 2136.
(24) حەللاج دەڵێت:-
رأیت ربی بعین قلبی　　　فقلت من أنت؟ قال أنت
فلیس للأین منك أین ولیس أین بحیث أنت
بەچاوی دڵم پەروەرگارمم بینی، گوتم تۆ کێیت؟ وتی: تۆ -کوێ بۆ تۆ کوێ نیە، لەو شوێنەی تۆی لێیە کوێ لە کوێیە؟ دیوان الحلاج، لا32
(25) شاه نعمت الله ولی-کلیات اشعار، جواد نور بخش،چاپ هفتم، ناشر خانقاه نعمت اللهی، تهران، 1369، لا 601.
(26) هەمان سەرچاوە، لا 215.
(27) سەرچاوەی پێشوو، لا 376.

شیعره عرفانییانەدا، حەللاج وەك كەسێتی و دنیابینی ئامادەیی هەیە. سەعدی دەڵێت:

تا نسوزد برنیاید بوی عود پخته داند کاین سخن باخام نیست

(تا داری عود نەسووتێت بۆنی خۆشی بڵاو نابێتەوە، كەسێك كە خۆی سووتابێت و پوخت بووبێتەوە دەزانێت، كە ئەم قسەیە، كاڵ و سووتان نەدیو لێی ناگات)

مستی از من پرس واز حلاج شور عاشقی او کجا داند که دُرد آشام نیست[28]

(دەردی مەستی لە من و حەللاجی تامەزرۆ و پەشێو بپرسە، ئەو لەكوێ دەزانێت، كە دورد —واتە پاشماوەی شەراب لەبنی گۆزەدا-ی نەنۆشیوە).

هەروەها سەعدی لە بەیتێكدا بەهێمای (خوێن حەڵاڵكراو)، كە لای سۆفییەكان هێمایە بۆ حەللاج، بەم شێوەیە باسی عەشق دەكات:

من هم اول روز دانستم که عشق خون مباح و خانه یغمامی کند[29]

(من هەر لە یەكەم ڕۆژەوە زانیم كە عەشق، خوێن حەڵاڵ دەكات و ماڵ بەتاڵانی دەبات).

هەروەها سەعدی لە پارچەیەكدا ئاماژە بە حەللاج دەكات بەوەی (می صرف و حدت کسی نوش کرد) كە ئەمە بەشێكی پارچەكەیە:

عجب دار از سالکان طریق که باشند در بحر معنی غریق

(سەیرت لێ دێ لە ڕێبوارانی ڕێگا (تەریقەت)، كە لە دەریای مانادا نوغرۆ دەبن).

بیاد حق از خلق بگریخته چنان مست ساقی که می ریخته

(بەیاد كردنی حەق (خوا) لە خەڵكی هەڵهاتوون، وا مەستی ساقی بوون كە پیاڵەی مەی دەستیان ڕژاند).

می صرف وحدت کسی نوش کرد که دنیا و عقبی فراموش کرد[30]

(مەی یەكتاپەرستی پوخت كەسێك نۆشی كرد، كە دونیاو دوارۆژ (بەهەشت و خۆشییەكانی) فەرامۆشكرد).

........................................

(28) عطا الله تدین، راز انا الحق، چاپ هفتم، انتشارات تهران، تهران، 1378، لا 102.

(29) غلام حسین محمدی، مضامین مشترك درشعر كردی و فارسی، (بر اساس غزلیات نالی و محوی و سعدی و حافظ)، دانشگاه ازاد اسلامی، سنندج، 1378، لا100.

(30) عطا الله تدین، سەرچاوەی پێشوو، لا 76.